## بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

**هەرێمی كوردستان – عێراق**
**سەرۆكایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بـەنـاوی گـەلـەوە**

**بــــڕیــــار**

**ژمارە ( ١١ )ی ساڵی ٢٠١١**

بەپێی ئەو دەسـەڵاتەی لەبڕگـەی (١)ی مـاددەی (١٠)ی ( یاسـای سـەرۆكایەتی هـەرێمی كوردسـتان – عێـراق )ی ژمارە (١)ی سـاڵی ٢٠٠٥ ی هـەمواركراو پێمـان دراوەو ، بەپاڵپـشتی ئـەو یاسـاكارییەی پەرلـەمانی كوردسـتان – عێـراق كردویەتی لەدانیشتنی ژمارە (٥) لە ١١/٤/٢٠١١ بریارماندا بەدەركردنی :

**یاسای ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ٢٠١١**

**یاسای سەندووقی پشتیوانی پرۆژە بچووكەكانی لاوان لەهەرێمی كوردستان - عێراق**

**ماددەی یەكەم :**

مەبەست لەم زاراوە و دەستەواژانەی خوارەوە ، ماناكانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە :

**یەكەم :** هەرێم : هەرێمی كوردستان – عێراق .

**دووەم :** لاو : ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان (١٦- ٣٥) ساڵە .

**سێیەم :** سندووق : سندووقی پشتیوانی پرۆژە بچووكەكانی لاوان .

**ماددەی دووەم :**

ئەم یاسایە ئەم ئامانجانەی هەیە :

**یەكەم :** بەرزكردنەوەی ئاستی كۆمەڵایەتی و ئابووری لاوان لە هەرێمدا .

**دووەم :** بەكار خستنی وزەی لاوان كە دەستەبەری بەشداربوونی كارایان دەكات لە گەشەپێكردنی هەرێمدا .

**سێیەم :** هاندانی لاوان بۆ دەست پێشخەری دامەزراندنی پرۆژە بچووكەكان لە ڕێگەی دابین كردنی پشتیوانی دارایی بۆیان

**چوارەم :** ڕەخساندنی هەلی كاری زیاتر بۆ لاوان .

**ماددەی سێیەم :**

سندووقێك دادەمەزرێت بەناوی (سندوقی پشتیوانی پرۆژە بچووكەكانی لاوان) سەر بە وەزارەتی كارو كاروبـاری كۆمەڵایەتی دەبێت و خاوەن كەسایەتی مەعنەوی دەبێت .

**ماددەی چوارەم :**

**یەكەم :** ئەنجومەنێك پێك دێت بەناوی (ئەنجومەنی بـەڕێوەبردنی سـندووق) بەسـەرۆكایەتی وەزیـری كـارو كاروبـاری كۆمەڵایەتی و نوێنەرایەتی هەریەك لەم وەزارەتانەی خوارەوە كە پلەكەیان لەبەڕێوەبەری گشتی كەمتر نەبێت :

١. وەزیری كار و كاروباری كۆمەڵایەتی سەرۆك .
٢. نوێنەری وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان ئەندام .
٣. نوێنەری وەزارەتی كشتوكاڵ ئەندام .
٤. نوێنەری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ئەندام .

دووەم : ئەنجومەن بۆی هەیە راوێژ بكات بە شارەزا و راوێژكاران لە ناو وەزارەت یان لە دەرەوە لەكاتی پێویست .

ماددەی پێنجەم :

ئەنجومەن ئەم ئەرك و دەسەلاّتانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ :

یەكەم : سەرپەرشتی كردنی كارەكانی سندووق و دانانی بنچینەكانی پاڵپشتی كردنی لاوە بۆ كارەكان .

دووەم : كاركردن لەپێناو گەشەكردنی داهاتی دارایی بۆ سندووق .

سێیەم : پەسندكردنی پلانەكانی وەبەرهێنانە داراییەكانی سندووق .

چوارەم : هەر ئەركێكی دیكەی پەیوەندیدار بەكارەكانی سندووقەوە .

ماددەی شەشەم :

یەكەم : ئەو پرۆژانەی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە ئەو پرۆژانەن كە سەرمایەكانیان لە (٤٠) چل ملیۆن دینار تێپەڕ نەكات .

دووەم : نابێت بڕی پێشینەی ئەو پرۆژانەی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە لە (١٥) پازدە ملیۆن دینار زیاتر بێت

سێیەم : بەپێی ئەم یاسایە نابێت هەر سوودمەندێك لە یەك جار زیاتر پێشینە وەربگرێت .

ماددەی حەوتەم :

یەكەم : پێدانی پێشینە بە (لاوان یان كۆمەڵە لاوێكی بەشداربوو) بەپێی ئەم مەرجانەی خوارەوە دەبێت :

١. پێویستە لاو بێت و هاوولاّتی و نیشتەجێی هەرێم بێت .
٢. نابێت كارمەند بێت لە دەزگا حكومیەكان .
٣. پێویستە خاوەن توانای دارایی لاواز یان سنوردار بێت .
٤. هەڵسەنگاندنی سوودی ئابووری ئەو پرۆژەیەی بەنیازە ئەنجامی بدات ، لەلایەن ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی سندووقەوە دەكرێت .
٥. دەبێ پرۆژەكە لەلایەن بەڕێوەبردنی سندووقەوە تۆمار بكرێت .

دووەم : پێدان و وەرگرتنەوەی پێشینەكە بەپێی ئەو بەرزەفتانەی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی سندووق دەبێت .

ماددەی هەشتەم :

ئەو پرۆژە بچووكانەی كە حوكمەكانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە لە باج و ڕەسمەكان بۆ ماوەی (٥) پێنج ساڵ دەبووردرێن .

ماددەی نۆیەم :

داهاتەكانی سندووق لەمانەی خوارەوە پێك دێت :

یەكەم : بەشداری كردنی ساڵانە بەو بڕەی كەوا حكومەت لە بودجەی گشتی هەرێمدا تەرخانی دەكات .

دووەم : قازانجی بەرهەم هێنانی سەرمایەی سندووق و قازانجی چالاكییەكان .

**سێیەم :** قازانجی وەرگرتنەوەی قەرزەکان .

**چوارەم :** بەخشش و پیتاك و مینەح دوای وەرگرتنی رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران ئەگەر لە دەرەوەی هەرێم بێت .

**ماددەی دەیەم :**

بەڕێوەچوونی کـاری ئەنجومـەنی بـەڕێوەبردنی سـندوق و میکـانیزمی بـەڕێوەبردنی بـە پـەیڕەوێکی تایبـەت دەستنیشان دەکرێت .

**ماددەی یازدەم :**

وەزیر بۆی هەیە رێنمایی پێویست دەربکات بۆ ئاسانکاری جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە .

**ماددەی دوازدەم :**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێت .

**مـسـعود بـارزانـی**

**سـەرۆکـی هـەرێـمی کـوردسـتان – عـێراق**

**هــەولــێر :**

١١/ ئـــایـــار /٢٠١١ی زایینی .

٢١/ گـــولان /٢٧١١ی کوردی .

٧/ جمادی دووەم /١٤٣٢ی کۆچی .

## هۆیە پێویستیەکان

ئەم سندووقە دانراوە بۆ گرنگیدان بە لاوان و بەکارهێنان و بەڕێوەبردنی وزەکانیان و یارمەتیدانیان بەشێوەیەکی جددی تر ، بۆ کەمکردنەوەی کێشەی ئابوورییان ، لەلایەکی دیکەشەوە بۆ لادانی فشار و کەمکردنەوەی بارگرانی لەسەر شـانی گەنجینـەی دەوڵەت و کارکردن لە پێناو گۆڕینی بەهرەکانی لاوان بەرەو سوود وەرگرتن لە وزەکانیان و جەخت کردن لەسەر جێبەجێ کردنـی پرۆژە ئابوورییە بچووکەکان و بەپێی بەدەست هاتنی داراییان و بەیارمەتی سندووق ، ئەم یاسایە دەرچوێندرا .